# یادەوەرییەکانی ژنەکەی دۆیستۆڤسکی

ئانا گریگۆر ریڤنا
وەرگێڕانی: غەفور ساڵح عەبدوڵلا



رۆژێـك بیرم لەوە نەکردوەتەوە بـیرەوەریـەکـانم بنووسم،چونکە بەهرەی ئەدەبیم نەبووە. بەدرێژایی ژیـانـیـشـم خـەریـکـی دەرکـردنـی کتێبەکانی مـێردە کۆچکردووەکەم بووم، کاتم نەبووە بۆ هیچی دیکە، تا ساڵی 1910 باری تەندروستیم تێکچوو، بەدواداچوونی بەرهەمەکانیم سپاردە کەسانی دیکە. دوورکەوتمەوە لە پیترسبۆرگ و لە دووره پەرێزیەکی تووندا دەژیام. دەبووایە کاتی دەست بەتاڵیم پڕبکەمەوە. ئەگینا زۆر ناژیم ، ئەوەبوو یادەوەریەکانی مێردەکەم و یادەوەریەکانی خۆمم خوێندەوە، دیتم هـەنـدێ وردەکـاریـان تێدایە دەبێ خەڵکی لێی ئاگادار بن،پاشان کڵێسەی پـیرۆزمـەنـد ئەلگزاندەر نیڤسکی جێگایەکی تاییەتی لەلام هـەیـە، چـونـکـە گـۆڕسـتـانـەکـەی ئێسك وپروسکی مێردەکەم فێودۆر دۆیستۆڤسکی لە ئامێزگرتووە. ئەگەرهاتووە ئەجەلم هات و مردم دەخـوازم لـەوێ بەخاك بسپێردرێم. دواجـار مـن لـە 1846 لـە جەژنی پیرۆزمەند نیڤسکی لە ئاپارتمانەکەمان

کە لە11 ژوور پێکهاتبوو لەدایک بووم، دەیڕوانیە سەر حەوشەی کڵێسەکە. خانووەکە هەمیشە پڕدبوو لە میوان و، لە نهۆمی دووەمەوە تەماشای کەژاوەی خاچەکان وریورەسمی جەژنەکەیان دەکرد. دایکم زۆر جوان بوو دوای چەند ساڵێک زانیم کە بە دڵخۆشیەوە خزمەتیدەکردن و، لە پڕێکا ژان گرتبووی،دوای سەعاتێك چاوم بە رووناکی هەڵهێنابوو. میوانەکانیش هەواڵی لە دایکبوونم بە هەڵهەلەو لێدانی زەنگەوە پێشوازیدەکەن. پێشبینی ئایندەیەکی گەش و بەختەوەریان بۆ کردبووم. کەم کەس لە بۆنەی ئاوها بەختەوەر لەدایکدەبن، بێگومان سەرەرای سەختی و ئێش وئازار کە تووشی هاتم ، خۆم زۆر بە بەختەوەر دەزانم. لەم ژیانە بە باشتر نابینم. مندالیم لەگەڵ خوشك وبراکم بەخۆشی بردەسەر لەسایەی سۆزی دایکمانەوە کە بەرچەڵەك سوێدی بوو، باوکیشمان رووسی بوو لە ئۆکرانیا گەورە ببوو. قوتابخانەم لە خوێندنگایەك تەواو کرد ، هەموو وانەکانی جگە ئاینی نەبێ، بە ئەڵمانی دەوترانەوە، ئەم زمانە زۆر بەسوود بوو بۆم ، کاتێ ساڵانێکی زۆرم لە هەندەران لە گەڵ مێردەکەم بردەسەر. چووم بۆ پەیمانگەی پەروەردە، بەلام نەمبردەسەر، ساڵی 1866 چوومە خولێکی کورتکردنەوەوە(ئیختیزال) بە هۆی سووربوونی باوکمەوە، کە لەوانەی بەختگرەوە بووبێ و غەیبی دەخوێندەوە و، دەیزانی لەرێگەی ئەم پیشەیەوە بەختەوەری دەدۆزمەوە، مامۆستاکەم پێیراگەیاندم کە دۆیستۆفسکی نووسەر پێویستی بە کەسێکە ئیختیزال بزانێت. تا رۆمانە نوێیەکەی(قوماربان)ی بۆ بنووسێتەوە، کە دووسەد لاپەرەیە وبەکرێی پەنجا رۆبل. ئەوەبوو مامۆستاکەم هەڵیبژاردم کردم بۆ ئەم ئەرکە. دڵم لە خۆشیا کەوتە لێدان، وەکو هەموو کچانی شەصتەکان حەزم بە سەربەخۆیی بوو، وبۆ ئیشێك دەگەرام تا پشت بە خۆم ببەستم. گەرچیش ئەوە هەلێکی دەگمەنە بۆ ناسینی نوسەرێك کە یەکێکە لە خۆشەویسترین نوسەر لەلای باوکم، خۆشم زۆر پێی سەرسام بووم، کاتێ رۆمانی (یادەوەری مالی مردووەکان)م خوێندەوە دەگریام. پێموابوو پیرە و لە تەمەنی باوکمە، کەسێکی عەبووس و خەمۆکیە وەکو زۆر کەس پێیانوابوو. لەکاتی خۆیدا چووم ، لە تەلارێکی هاکەزایی گەورەدا دەژیا ، بازرگان و فرۆشیار و خاوەن پیشەکان لێی دەژیان. ئەو تەلارەی بیر هێنامەوە کە راسکۆلینکۆف پاڵەوانی (تاوان وسزا) تیا دەژیا، نوسینگەکەی فراوان بوو لە رۆژانی ساماڵ دوو پەنجەرەی رووناکی تیابوو، بەلام کەشەکەی تاریك و لەبەر دڵ گران بوو، کە بۆ یەکەم جار چاوم پێیکەوت ، هەستمکرد بەدلنیاییەوە پیرە، بەلام هەرکە دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵمدا تەمەنی کەم دیار بوو، بە تەمەن سی و پێنج ساڵ هاتە پەر چاوم. مامناوەندی و بالایەکی ئاسایی هەبوو ، قژێکی کەستنائی مەیلەو زەردی هەبوو ، چەورکراو و بەرێکی بە شانە کرابوو. سەروچاوی رەنگ زەرد وەکو سەروچاوی نەخۆش وابوو، چاکەتێکی چۆغەی شینی لەبەر بوو خەریك بوو شردەبوو، بەلام کراسەکەی پاك وسپی بوو، یاخەیەکی جیا بە قۆڵی درێژەوە، ئەوەی جێی سەرسوورمانم بوو دوو چاوەکەی بوو ، کە رەنگیان جیابوو، یەکیکیان قاوەیی بوو ، ئەوی دیکەیان بیبیلەکەی پان و پانتایی چاوی داگیر کردبوو، زۆربەی گلێنەی گرتبووەوە، والێکردبوو کە نیگاکانی جۆرە لوغزێکیان تیابێ. دۆستۆیڤسکی تووشی یەکەم حاڵەتی فێگرتن بوو ، چاوی پڕبوو لە خوێن ، دکتۆر چارەسەری بە ئەترۆپایین بۆ نووسی بوو ، زۆر بەکاریدەهێنا، بۆیە بیبیلەی ئاوها فراوان ببووەوە. لەیەکەم

**مامۆستاکەم پێیراگەیاندم کە دۆیستۆفسکی نووسەر پێویستی بە کەسێکە ئیختیزال بزانێت. تا رۆمانە نوێیەکەی (قومارباز)ی بۆ بنووسێتەوە**

## دوای ئەوەی فیۆدۆر دۆیستۆیفسکی لاپەڕەکانی (قوماربازی)ی بۆ دەوتمەوە، بۆ یەکەمجار بووم کەسێکی ئاوها زیرەك وبەو رادەیە دڵ باش ببینم

چاوپێکەوتنی ئیشدا بەدەم جگەرەکێشانی یەك لەدوای یەکەوە، باسی ئەو حوکمی لە سێدارەدانەی بۆ کردم ، کە دەرهەقی ئەو گروپی بتراشیفسکی(1) دەرکرابوو ، بە تووەمەتی پیلان دژ بە رژێم لە 22 ی کانوونی یەکەمی 1846.

– لە گۆڕپانەکە وەستابووم بە ترسەوە چاودێری تەدارککردنی لەسێدارەدانەکەم دەکرد، کە دوای پێنج خولەکی دیکە جێبەجێدەکرا، هەموومان کراسی مەرگمان لەبەر کردبوو، کرابووین بە چەند گروپ هەر گرووپە و سێ مەحکومکراو بوو، من ژمارە هەشت بووم، لە گروپی سێیەم بووم، سیانیان بە ستوونێکەوە بەستەوە، دوای دوو دەقیقە گروپی یەك ودوو گوللە باران دەکرێن و، ئینجا نۆرەی من دێت، خودایە ، چەند ئارەزووی ژیان دەکەم . هەموو رابردووی خۆم بیر کەوتەوە کە بە فیرۆم دابوو و خراپ بەکارمهێنا بوو. سەر لەنوێ ئارەزووی ژیانمکردەوەو بەدیهێنانی ئەوەی کە بەنیاز بووم بەدیبهێنم، بۆ ئەوەی تەمەنێکی درێژ بژیم. . لە دواساتدا وەستاندنی جێبەجیکردنەکە راگەیەندرا. دەست وقاچی هاورێکانم کرانەوەو بریارێکی نوێیان بۆ خوێندینەوە بۆ هەر یەکێکمان ، بەشی من چوار

ساڵی بەندکردنی سەخت کێشی بوو، ئای چەند بەختەوەر بووم. رۆژانی تر بەر لەوەی رەوانەی تاراوگە بکرێین و لە سەربازگاکە گورانیم دەوت. چەند دڵم بە ژیان خۆش بوو و سەرلەنوێ پێم بەخشرایەوە. . .

لەشم لەبەر قسەکانی دای لە موچرکەو، بە راشکاویەکەی سەرسام بووم. ئەم کابرایە کە بەرەوالەت گۆشەگیرێکی تاریك دیاربوو، بە راستگۆیی ودڵسۆزیەوە دەربارەی وردەکاریەکانی خۆی قسەیدەکرد، لە گەڵ کیژۆڵەیەکی غەریبدا بۆ یەکەمجار. سەرسوورمانەکەم نەرەویەوە لەم ئاکۆکیە، تا ئاگاداری بارودۆخی خێزانیی بووم، هۆی ئەوەم بۆ دەرکەوت کە بۆچی بە دوای خەڵکانێکدا دەگەرێت ، متمانەی خۆی پێیان بدات ، هەرچی لە دڵیدا هەیە بۆیانی هەڵرێژێت. هەستی بە تەنیایەکی کوشندە دەکرد، دوای مردنی ژنەکەی و میکاییلی برا گەورەکەی ، لە نێو گەمارۆی دژەکانی و ئێرەیی پێبەرەکانی و خاوەن قەرزەکانیدا دەژیا. بۆچوونەکانی رۆژی یەکەم زۆر گران بوو، لە شەوێکی درەنگ گەرامەوە بۆ ماڵ، لەو پەری شەکەتیدا بووم، دوای ئەوەی فیودۆر دۆیستۆیفسکی لاپەرەکانی (قوماربازی)ی بۆ دەوتمەوە، بۆ یەکەمجار بووم کەسێکی

ئاوها زیرەك وبەو رادەیە دڵ باش ببینم، بەلام بە هەمان رادەیش بەدبەخت بوو، هەموو روویان لێیوەرگێرا بوو، زۆر خەفەتمخوارد و بەزەییم پێداهاتەوە. بۆ رۆژی دواتر تۆزێك لێیدواکەوتم، بینیم زۆر نیگەرانە، پێیووتم ئەو پابەندە لەماوەی مانگێکدا رۆمانەکە تەواو کات، چونکە قەرزدەرەکانی گۆڤاری(کات) کە میکاییلی برای دەریدەکرد، ئەو دوای مردنی بە لێنی دابوو کە قەرزەکانی بداتەوە، چونکە هەرەشەیان لێکردبوو کە دەست بەسەر موڵك وماڵەکەیدا بگرن وبیخەنە بەندیخانەوە. قەرزە موستەحەقەکان بە پێی کومپیالەکان سێ هەزار رۆبل بوون، بەو برە پارەیەش دۆیستۆیفسکی مافی بەرهەمەکانی فرۆشت بووە بە سێ جەلد بە بلاوکەرەوەیەك ناوی ستیلۆفسکی بوو، هەروەها پابەندی ئەوەیش بوو بەنووسینی رۆمانێك کە پارەکەی دەچێتە سەر ئەو برە پارە ناوبراوە. ستیلۆفسکی کارێکی زۆر نامەردانەی کردبوو، کە بە هەرزانترین نرخ کومپیالەی قەرزەکانی میکاییلی کریبوو. ئەو برە پارەیەی بۆ گەرابووە کە دۆیستۆفیسکی دابووی، ئەمەیش سەرباری ئەوەی مەرجی کردبوو رۆمانە نوێیەکە لە ماوەیەکی ناماقوول بداتە دەستی. ئەگینا بۆی دەگەرێنێتەوە،

دیستۆفسکی



بەپێی ئەو گرێبەستەی کە دۆیستۆیفسکی لەگەڵی مۆری کردبوو ، بۆمافی بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو . ئاواتەخواز بوو کە نوسەر نەتوانێ بەڵێنەکەی خۆی بباتەسەر، لە کاتێکدا ساڵی 1866خەریکی تەواوکردنی (تاوان وسزا) بوو. . رۆژانە لە سەعات دوانزە سەرملێیدەدا، تا کاتژمێر چوار چەند بەشێکی لە (قوماربار) بۆ دەخوێندمەوە، بە وەجبە بە نیو سەعات یان زیاتر. لە نێوان ئەوەیشدا باسی زۆر شتمان دەکرد، بەرە بەرە مەزاجی چاك بووەوە و، لەسەر خوێندنەوە راهات. ئەمە یەکەمجار بوو ئەوەی دەکرد، پێی خۆش بوو وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە دەربارەی ئەدیبەکانی رووس. بۆ نموونە پێیوابوو نیکۆلای نیکراسۆف کە هاورێی منداڵی بوو وزۆر رێزی لە بەهرەی شیعری دەکرد، هەروەها رێزی لە ئۆپۆلۆن میکۆف دەگرت، وەکو شاعیرێکی بەهرەمەند و مرۆڤێکی زیرەك و نموونەی چاکە. (ئیڤان تۆرگنێیف)ی بە رۆماننوسی پلە یەکی دادەنا، بەلاّم بەداخ بوو، چونکە ئەو کاتێکی دوورودرێژی بەسەربرد لە هەندەران و، لە سررشتی روسیا وروسیەکان تێ نەدەگەیشت، بۆ نوسەرێکی گەورەی وەکو ئەو. پەیوەندی نێوان دۆستۆیفسکی و تۆرگنێف ئاڵۆز بوو وشکی و دابرانی تیا بوو. دەربارەی هەندەران جارێکیان پێیووتم ئەو لە دۆخێکی بێ ئومێدیی و بێزاریی دەژیا ، ئەو لەبەردەم سێ هەڵبژاردندا بوو، ئەوەتا کۆچ بکات بۆ قودس لەوێ لەگەڵ تایەفەی ئەرسۆدۆکسی رووسی ، لەوێ لە وانەیە تا دوا تەمەنی لەوێ بەسەر بەرێت. یان ئەوەتا کۆچ بکات بۆ ئەوروپا و خۆی نووقمی قومار بکات کە زۆر شەیدای بوو. یان ئەوەتا بۆ جاری دووەم ژن بهێنێت، لەوانەیە خۆشی وبەختەوەری لە باوەشی خێزاندا بدۆزێتەوە، بەلاّم تای تەرازوی قودس زۆرتر بوو، لە بارەی سووربوونی دۆستۆیفسکیەوە، لە نێو پەراوەکانیدا نامەیەکم دۆزیەوە لە بەرواری 1866\6\3 لە سەرۆکی یەکێتی نوسەرانی رووسەوە، بۆ کونسڵی روسیا لە کوستەنتینیە، بۆ کارئاسانی کردنی سەفەرەکەی. لەبارەی ئەم هەڵبژاردنەوە پرسی پێکردم، کە ژیانە شکستخواردوەکەی لە بنەرەتەوە دەگۆرێت. لەوەلاّمدانەوە سەرم سوورما، پێموابوو سەفەرکردنی بۆ قودسی عوسمانی ، یان بۆ گازینۆکانی ئەوروپا ئاڵۆزەو خەیاڵیە، هەندێ خێزانی ناسیاو و خزمی بەختەوەری خۆم هەبوون ، بۆیە ئامۆژگاریم کرد ، ئاوات ومەبەستی خۆی لەخێزاندا

بدۆزێتەوە، وتی:

– ئایا پێتوایە ئافرەتێك هەبێت بە مێرد قبوولم بکات؟ چ ژنێك هەڵبژێرم؟ خاوەن ئەقڵ یان دڵی باش بێت؟

– بیگومان ئاقڵ بێت. بۆ ئەوەی شیاوت بێت.

– نەخێر، دڵی باش بێت، بۆ ئەوەی دڵی پێم بسووتێت و خۆشی بوێم.

لە ئیشکردن لە (قوماربان) بەردەوام بووین، تا روونبووەوە کە لە کۆتایی هەفتەی سێیەم دەتوانین رۆمانەکە لەکاتی خۆی پێشکەشبکەین. هەردووکمان هاوبەشی پاڵەوانەکان و ژیانیان دەبووین، لەنێوانیان بۆ خۆم ، هەروەها بۆ دۆستۆیفسکیش کەسایەتی هەبوو خۆشم دەویست و، هەشبوو رقم لێ دەبووەوە. بەزەییم بەو داپیرەیەدا هاتەوە کە هەموو پارەکەی دۆڕاندبوو، هەروەها بە مستەر (ئاستلی)یش، بەلام بێزم لە لە بۆلینا ئەلگزاندرۆفنا و، لە پاڵەوانە سەرەکیەکەی ئەلیکسی ئیڤانۆڤیچ دەبووەوە، بەلام دۆیستۆیڤسکی لایەنی ئەمی دەگرت، ئەوەی دووپاتدەکردەوە کە خودی خۆی زۆر لەو هەستونەستانەی پاڵەوانەکەو بۆچوونەکانیتاقیکردوەتەوە. دۆیستۆیڤسکی رۆمانەکەی لەماوەی 26 رۆژدا تەواوکردو، دای بە پۆلیس ، بۆ ئەوەی بۆی بگەیەنن، تا لە غەدری بلاوکەرەوە فێڵبازەکە بەدوور بێت و، کرێی خۆم وەرگرت ، بەلام پەیوەندیم لەگەڵ نووسەر نەبچرا، حەزیکرد چاوی بە خێزانەکەم بکەوێت، منیش دوای چەند رۆژێك بۆ ماڵەوە بانگێشتم کرد. دایکم زۆر پێی سەرسام بوو، گەرچی لە سەرەتای سەردانی نوسەرە بە ناوبانگەکە پەشۆکاو و شەڵەژاو بوو، راستیەکەی ئەویش زۆر سەرنجراکیش وئەفسووناوی بوو، تەنانەت بۆ ئەوانەیش کە ناحەزی بوون و، خۆشیان پێیدا نەدەهاتەوەوە. داوایلێکردم بەردەوام بم لە ئیشکردن، ئەمجارە بۆ تەواوکردنی دوا بەشی (تاوان و سزا) . هەندێ دوودڵ بووم، بەلام کە دیتم سوورە لەسەر ئەوە رازی بووم. دوای سێ رۆژ بەبێ هێچ پێشەکیەك سەردانی ماڵمانی کرد و، داوای لێکردم بچم بۆ وردبوونەوە لە مەرجەکانی ئیشەکە، بەلام کاتێ لە هەشتی تشرینی دووەم چووم بۆلای ، لەپڕ خۆشەویستی خۆی بۆم ئاشکرا کردو، تکام لێدەکات بە مێردی قبووڵ بکەم. وررووژابووو، دڵی خۆش بوو، تاوام هاتە بەرچاو لەتەمەنی لاوێتیدایە، هۆی دڵخۆشیکەیم لێپرسی، وەلامەکەی ئەوەبوو کە خەونێکی دیوە ، منیش دامەقاقای پێکەنین، رایگرتم و وتی: گاڵتەم پێ مەکە، من بڕوام بە خەون هەیە. خەونەکانیشم هەمیشە دێنەدی ،کاتێ میکاییلی خوا لێخۆشبووی برام یان باوکم دێنە خەونم ، بەلایەکم بەسەردێت، بەلام ئەم جارە گەوهەرێکی درەوشاوەم بینی لە نێو دەسنووسەکانم لە ناو سەندووقەکە، پاشان خەونی دیکەی بەدوادا هاتوو و، نەمزانی گەوهەرەکە چی لێهات. پێموت زۆرجار خەون بە لنگەوقوچی راڤەدەکرێت. بە داخیش بووم بۆ ئەوەی کە وتم، سەروچاوی تێکچوو ،پرسی: پێتوایە من بەختەوەری نابینم و، ئەوەیش تەنها هیوایەکی کزە؟ وەلاممدایەوە: وەلا نازانم ، پاشان من بڕوام نیە خەون راست بێ. هەموو ئاسەواری خۆشیەك نەما، بە گۆڕانی خێرای میزاجی حەپەسام، پاشان چوو بەلای باسی ئەو رۆمانەی کەنەخشەی نووسینی دانابوو. دۆخی یەکسەر چاکبوو و پێیوتم هێشتا نەگەیشتووەتە کۆتاییەکی باش. لە رۆمانەکەدا کچێك هەیە گوێنادات بە شەڵەژانی دەروونی کچان. تکای لێکردم یارمەتی بدەم، بە هێڵی پان چنینی رۆمانەکەی بۆ باسکردم، تێگەیشتم کە دیمەنەکانی ژیانی خۆی بۆم دەگێڕێتەوەو، تیشکدەخاتە سەرمەندالیە سەختەکەی خۆی و ، پەیوەندی بە ژنە خوالێخۆش بووەکەیەوە و، کەس وکاری و ئەو گیروگرفتانەی کە هونەرمەند چەند ساڵێکە لە ئیشە خۆشەویستەکەی تووشی هاتووە. دەبوو رۆمانەکە بە گەرانەوەی هونەرمەند بۆ ژیان ، لە رێگەی خۆشەویستیەوە چارەسەری بکات و، رزگاری بکات لە تەنیایی و پیر بوونێکی زوو ، رۆمانەکە کۆتایی بهاتایە، بەلام بەبیرما نەهاتبوو کە مەبەست لە پاڵەوانی رۆمانەکە منم، بەپەشۆکاویەوە لێی پرسیم :

– رات چیە ؟ کچێکی گەنج دەتوانێت شوو بە هونەرمەندێکی پیر و قەرزار بکات؟ با گریمان بڵێین هونەمەندەکە منم و کچە پاڵەوانەکیش تۆی، رات چیە؟. . .

– ئەگەر مەسەلەکە بەراستی وابووایە وەلامتم دەدایەوە: خۆشم دەوێی وتا دوا تەمەنم خۆشم دەوێی . دوای سەعاتێك فیودۆر دۆیستۆیفسکی دەستیکرد بە نەخشەکێشان بۆ دوا.

رۆژمان لەبارەی وردەکاریەکانیەوە پرسیاری لێدەکردم . لەبەر زۆر بەختەوەریم نەمتوانی هیچ بڵێم، لەسەر بەنهێنی هێشتنەوەی مەسەلەی مارەبڕینەکە رێکەوتین، بە شێوەیەکی کاتی تا کەین وبەینەکان دەردەکەون. کاتێ ماڵئاوایی لێکردم ، بە خۆشیەوە وتی: ئەنجام گەوهەرەکەم دۆزیەوە. .

وەلاممدایەوە: هیوام

وایە بەرد نەبێت. .

وابزانم دایکم هەواڵی مارەبڕینەکەی پێخۆش بوو، بێگومان هەستی بەوەش کردبوو ، کە تووشی زۆر ناخۆشی دەبم، ئەگەر مێرد بەکەسێکی خاوەن نەخۆشیەکی سەخت وبێ پارە بکەم، بەلام هەوڵیشی نەدا قەناعەتم پێبهێنێ ، بۆ ئەوەی واز لەو مێردکردنە بێنم. هەروەک دواجارکەسانی دیکە کردیان. بۆ راستی دەڵێم کە دۆیستۆفیسکی لە ماوەی چواردە ساڵی ژن و مێردایەتیمان بەچاکی هەڵسوکەوتی لە گەڵ دایکمدا دەکرد. دوای هەفتەیەك بە بێ هیچ رەچاوکردنێك نهێنی مارەبڕینەکە ئاشکرا بوو، ئەویش دۆیستۆیفسکی لە کاتی دلخۆشیدا بۆ گالیسکە لێخورەکەی باسیکردبوو. ئەمیش کارەکەرەکەی ئاگادار کردبووەوە، لەوێشەوە گەیشتبووە (باڤل) ی کوری کە هەڵیگرتبووەوە، ئەمیش زۆر لە باوکە پیرەکەی توورە ببوو، چۆن دەبێ ژیانی نوێ هەڵبژێرێ بێئەوەی پرس بە کورەکەی نەکات؟. بێگومان تووڕەیی کورەکە بەسەر مندا شکایەوە، بەلام بە درێژایی رۆژگار هەڵوێستی بەرامبەرم نەرم بوو. حەزم کرد هەموو شتێ دەربارەی دۆیستۆیڤسکی بزانم و، بەپرسیارە پەیتا پەیتاکانم وەرز نەدەبوو، دەربارەی خۆشەویستی بۆ دایکی و بۆ برا خوالێخۆشبووەکەی میکاییل وخوشکە گەورەکەی (فاریا) قسەی بۆ دەکردم، بەلام لە قسەکانی هیچ حەماسێکی نەنواند دەربارەی براکانی و خوشك و منداڵەکانی. لەوەش سەرم سوورما کە هیچ باسێکی نەدەکرد ، دەربارەی دلداریی لە تەمەنی لاوێتیدا، پێموایە هۆی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر زوو دەستی دابووە نووسین. چالاکی نووسین ژیانی کەسایەتی خستبووە خانەی دووەمەوە، پاشان گیرۆدەی کاری سیاسیش ببوو، کە نرخێکی گرانی داو، وایشی لێکردبوو نەپەرژێتە سەر کاروباری تایبەتی، باسی ژنە کۆچکردووەکەی نەدەکرد، بەلام بە چاکی باسی یەکەم دەزگیرانی(ئانا کۆرڤین)ی دەکرد، وەکو دەیووت بەداخ بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ماربڕینە لەبەر جیاوازی خوو میزاج و بیروڕا. تا کۆتاییش پەیوەند لەگەڵیدا باش بووە، منیش دوای شەش ساڵ لە شووکردنی ناسیم وپەیوەندیەکی باشمان هەبوو.

جارێکیان لێم پرسی بۆچی ماربڕینکە وەك کەسانی دیکە ئاسایی نەبوو، پێشەکیکی دووڕودرێژت هێنایەوە، وەکو رۆمانێکی دروستکراو، وەلامیدایەوە:

— لە راستیدا بێ ئومێد بووم، هەستمدەکرد خواستنی تۆ کارێکی سەرکێشانەیە و شێتانە بوو، چونکە جیاوازیی نێوانمان زۆر ترسناك بوو. من کابرایەکی پیرەمێردو تۆیش منداڵکار و، جیاوازی تەمەنمان چارەکە سەدەیەکە. من نەخۆش و خەمۆکی و زوو هەڵدەچم، تۆیش پڕ گوڕ و خۆشی . من مرۆڤێکی پەککەوتەم و تەمەنی خۆم خواردووەو دەردی سەری و کارەساتی زۆرم دیوە. تۆیش ژیانێکی خۆشت هەیە و، هەموو دوارۆژ لەبەردەمتدایە، پاشان من هەژارم وکۆت وپێوەنی قەرزم. ئیتر چاوەڕێی چیبکەم؟.

— ئازیزەکەم تۆ هۆشە دەکەیت، جیاوازیی نێوانمان وانیە کە تۆ دەیلێیت، جیاوازیە راستەقینەکەیش ئەوەی کە تۆ کچێکی دواکەوتووت هەڵبژاردوە، کە رۆژێك لە رۆژان یەك بستێك ناگاتە ئاستی رۆشنبیریی تۆ.

— دوودڵ بووم ولە مارەبڕین دەترسام، لەوە دەترسام ببمە مایەی گاڵتەجاری ئەگەر بهاتبا رەتتبکردبایەتەوە. چۆن کابرایەکی پیرەمێردی ناشیرینی وەکو من بۆی هەیە ، داوای دەستی کچێکی لاوی وەکو تۆ بکات؟ رەچاوی ئەوە بووم پێمبڵێی کەسێکی دیکەت خۆشدەوێت، ئەگەر وەلامەکەت وابووایە بۆ من گورزێکی توند دەبوو. من تووشی تەنیاییەکی

**وادەبینم ئەو رۆمانە هەڵبەستراوە جوانترین رۆمانەکانمە، بەروبوومی بۆم هەبوو**

دەروونی تاسێنەر هاتبووم ، دەمویست ، هەرهیچ نەبێت دۆستایەتیت بپارێزم، بۆیە لە سەرەتاوە ویستم رات بزانم، لە رێگەی نەخشەی رۆمانێکی وەهمیەوە،ئەوجاش لەلام ئاسان دەبوو کە بەرگەی رەتکردنەوەکەت بگرم، چونکە بەرامبەر بە پاڵەوانی رۆمانەکە دەبوو ، نەك بەرامبەر بەمن. بەهەرحاڵ وادەبینم ئەو رۆمانە هەڵبەستراوە جوانترین رۆمانەکانمە، بەروبوومی بۆم هەبوو. دۆیستۆیڤسکی لە گۆڤاری (مۆژدەبەری رووسی)ەوە نامەیەکی بۆ هات، کە لە مۆسکۆ دەردەچوو، داوای بەشی سێیەمی رۆمانی(تاوان و سزا) یان لێی دەکرد، ئێمە لەبەر ئەو خۆشیەی تێیکەوتبووین رۆمانەکەمان لەبیر چووبووەوە، ئەوە بوو دۆیستۆیڤسکی بە چووست و چالاکی رۆمانەکەی بۆ وتمەوە، میزاجی چاك بووەوەو تەندروستیشی چاك بوەوە، تا سێ مانگی بەر لە زەماوەندکردنمان ،تەنها سێ یا چوار جار فێ گرتی ، کەوای لێکردم هیوای ئەوە بکەم ئەگەر مێردەکەم ژیانێکی خۆشی و ئارامی بۆ برەخسێت ، ئەو نەخۆشیە نەعلەتیەی سووك بێت. . بێگومان هەروایش بوو. ئەو حاڵەتانە کەنزیکەی هەموو هەفتەیەك تووشی دەهات ، لەساڵانی دوایدا کەم رووی دەدا. چاکبوونەوەی ئەم نەخۆشیەش هەروا ئاسان نەبوو، چونکە دۆیستۆیڤسکی لە چارەسەرکردنی خەمسارد بوو، بگرە پشت گوێشی خستبوو ، قەناعەتی وابوو کە بێ سوودە، بەڵام کەمبوونەوەی حاڵەتەکان بۆ ئێمە بەخشندەییەکی مەزن بوو، لە دوای هەرحاڵەتێك لەو پاشماوە قورسەی رزگار کرد. لە فرمێسك وئازاریش رزگاریکردم ، کە هەمووجارێك دەبووە نێچیری فێگرتنەکە. دڵم ونجر ونجر دبوو هەرکە دەمبینی دەقیژێنێ، بە دەنگێك کە بەدەنگی مرۆڤ نەدەچوو، پاشان دەمبینی پێچی دەخوارد وبەردەبوەوە سەر زەوی وگرژ دەبوو. یەکەمجار کە بینیم بەئازارەوە دەتلێتەوەو هاوار دەکات و بە زمانی پەلت و سەروچاوی خوارو جووتە چاوی وشکەوە بوو، وامزانی شێتە وئەقلی تێکچووە، بەلام شکور بۆ خوا ، بەدوورو درێژی دەخەوت وهەمووجار وەکو کەسی دیکە رێك بە ئاگەهاتەوە، جگە لەوەی کە بۆ ماوەی زیاتر لە هەفتەیەك خەمۆکی دایدەگرت و، وەك بڵێی لەدنیادا وەکو خۆی دەیووت کەسێکی ئازیزی لە دەستداوە. رۆژێکیان هاتەوە بە پاڵتۆیەکی پاییزی لە چلەی زستاندا ودەلەرزی ، خێرا فریای کەوتم و چایەکی گەرمم بۆی برد و لێم پرسی : کوا پاڵتۆ فەرووەکەت؟ بەدوودڵیەوە وەڵامیدامەوە: پێیانوتم کەش وەهەوا گەرمە ، پاشان لەسەری رۆیی و روونیکردەوە کە گوایە نزیکترین کەسی ، کورەکەی (باڤل) وبرا بچووکەکەی نیکۆلای و، هەروەها (ئەمیلیا) ژنەکەی میکاییلی خوالێخۆشبووی برای ، داوای پارەیان لێی کردبوو ، بۆ کارێکی پێویست و بەپەلە، بۆیە ناچاربوو پاڵتۆ فەروەکەی بارمتە کردبوو، بۆیە منیش هەڵچووم و دەستمکرد بەگریان وشەیپوور، : چۆن کەس وکارە دڵرەقەکەت دەڵێن کەش گەرمە ، ئەو قاوەی بەیانیان بەبێ کەرە ناخوات، پێش نیوەرۆ باڤل مەلێکی برژاو دەخوات. کارەکەرەکەیش دوو مەلەکەی دیکە کەماون، بۆ نیوەرۆش بۆمان دادنێت وبەشی هەرسێکمان ناکات، هەندێجار دەنکە شقاتە نامێنێ، کەچی دوێنێ ماڵەکە پڕبوو لە پاکەتە شقاتە، هەروەهایە لە بارەی قەڵەمە رەساسە دادراوەکانەوە. دۆیستۆیڤسکی توورە دەبێ کاتێ دەیەوێ جگەرە بکێشێ بەرووی ڤیدۆسیا هاوار دەکات و، (باڤل) یش شان هەڵدەتەکێنێ و دەڵێ: سەیرکە باوکە شتی وا رووی نەدەدا، کاتێ هەر خۆم وخۆت بووین. کارەکەو بەسەزمانەکەیش تا رادەی مەرگ لە توورەبوونی

دۆستۆیڤسکی دەترسا، یان راستتر دەترسا لەبەر تووره بوون تووشی حاڵەتەکە بووایە ، هەروەکو چەندجارێك بە ئامادەبوونی ئەو روویدابوو. شووی کردبوو بە فەرمانبەرێکی سەرخۆش و مردبوو ، لەگەڵ سێ منداڵ دا لەهەژارییەکی بێ ئاماندا بە جێیهێشتبوو، هەواڵەکەی گەیشتبووە دۆیستۆیڤسکی و ئەویش کردبوویە کارەکەر لەگەڵ سێ منداڵەکەیدا. بۆی باسکردم وچاوی پڕ فرمێسك بوون ، باسی دڵباشی رادەبەدەری دۆیستۆیڤسکی دەکرد ، کە چۆن شەوانە دەچووە لای منداڵەکان هەرکە گوێی لەدەنگی کۆکەی یەکێکیان بووایە، یان گوێی لەگریان بووایە دەچوو دایدەپۆشین. ئەگەر بۆی نەکرایە ئەمی بەخەبەردەهێنایەوە بۆ ئەوەی بەدیار منداڵە نەخۆشەکەوە بێت .

دوای پێنج مانگ مارەبرین مانگی هەنگوین دەستپێیکرد، لەو ماوەیەدا تووشی ریسواکردن وگێروگرفتی کەس وکاری دۆیستۆیڤسکی بووم، مێشکیان کونکردم خەریك بوو داوای تەلاق بکەم. مێردەکەم لەو گێروگرفتانە ئاگادارکردەوە، بەو ئیهانەکردنانەی نەدەزانی بە تایبەتی لەلایەن کورەکەیەوە، گلەیی لێکردم کە بێدەنگ بووم و ، گومان و ترسی رەواندمەوەو بریاری دا کە مۆسکۆ بە جێبهێڵین، پاشان بچین بۆ دەرەوە، ئەگەر توانی کاتکۆف سەرنوسەری (مژدەبەر) رازی کات و، سلفەیەکی نوێی بداتێ. لە مۆسکۆ ڤیرا خوشکی مێردەکەم بەچوانی پێشوازیلێکردم، بەلام هەر حەوت مناڵەکەی تری بە ساردی مامەڵەیان لەگەڵمداکرد. ئەو هەڵوێستەیان سەرسوورماوی کردم و خەفەتم خوارد، بەلام دواجار نهێنیەکە تێگەیشتم، ئیلیذای پووریان زۆر خۆشدەویست کە شووی کردبوو ، بەکابرایەك نزیکە مەرگ بوو ، دەیان ویست دوای مردنی شوو بکات بە فیودۆر دۆیستۆیڤسکی خاڵۆیان، بۆ ئەوەی هەمیشە لە مۆسکۆ بێت، چونکە رادەبەدەر خۆشیاندەویست، بۆ ئەوەی هەڵوێستەکە هێور بکەمەوە لەماڵی دشەکەم ، ئەویش بایەخدانێکی ئەنقەست بەو لاوانە بدەم کە سەردانی ماڵەکەیان دەکرد ، بۆ ئەوەی ئیعتیبار بۆ خۆم بگێرمەوە، بەلام دۆیستۆیڤسکی لێم تێ نەگەیشت و، بۆی دووپات کردمەوە کە زۆر غیرەم لێدەکات، بۆیە پێم باش بوو لەئامادە بوونی ئەودا ئەوەندە قسەو پێکەنین لەگەڵ غەریبە نەکەم ورووبیان نەدەمێ، چونکە غیرەکردن ئازاری دەدات. کاتێ گەڕاینەوە بۆ ئەو ئوتێلەی لێی دابەزیبووین، زۆر توورە بوو و، دەستی کرد بە سەرزەنشتکردنم، دواجاریش لە هەندەران حالاتی غیرەکردن دووبارە بووەوە، نەشمتوانی ئەم خووە لە خەسڵەتی دۆیستۆیڤسکی ریشەکێش بکەم. تەنها بە تەوازووع نواندن ولەبەرکردنی جل وبەرگی ئاسایی وزۆر وریابوون لە ئامادەبوونی پیاواندا. تەنانەت هاورێکانم ئەوەیان بۆ دووپات کردمەوە، کە گەڕاینەوە بۆ نیشتیمان گوایە لە غەریبیدا زوو پیر بووم ، ئەوەش بەلامەوە خراپ نەبوو، چونکە مێردەکەم وەکو خۆم هەم خۆشی دەویستم. لە مۆسکۆ رۆژانێکمان بەسەربرد کە لەبیرناچنەوە، چونکە هەموو بەیانیەك تەماشای شوێنە دیارەکانیمان دەکردو، دەچووین بۆ کڵێسەکانی کرملین وکۆشکەکانی. سەرماندا لە گۆری دایکی مێردەکەم ، کە یادکردنەوەی بەلایەوە زۆر پیرۆز بوو. فیودۆر دۆیستۆیڤسکی لە مۆسکۆ لە سی تشرینی یەکەمی 1821 لە دایك ببوو، نزیکەی هەموو رۆژێك نانی نیوەرۆمان لەماڵی دشەکەم دەخوارد. پەیوەندیم لەگەڵ کورەکانی باش بوو، زۆربەی کات لەگەڵ مێردەکەم بووم، بۆ ئەوەی هەستی غوربەت و بێزاریی بڕەوێنمەوە، کە خەریك بوو ، لەدوا هەفتەکانی ژیانماندا لە بترسبۆرگ بەرامبەری بەسەرمدا زاڵ دەبوو . خۆشی و بێشیم بۆ گەڕایەوە، دۆیستۆیڤسکی بۆی دووپاتکردمەوە کە (ئانای ژنی) لە مۆسکۆ بۆ گەڕایەوە کە خەریکبوو لەم دواییەدا لەدەستیدەدا. لەمۆسکۆ گەڕاینەوە بۆ بترسبۆرگ، دوای ئەوەی گۆڤاری (مژدەبەر) رازی بوو سلفەیەکی نوێ بداتە دۆیستۆیڤسکی بەبری هەزار رۆبڵ. مێردەکەم ئارەزووی خۆی راگەیاند بۆ سەفەرکردنمان بۆ هەندەران، هەموو کەسوکارەکەی نارازیی بوون بەم سەفەرکردنە، داوایان لێیکرد ، ئەگەر سەفەریکرد دەبێ بایی چەند مانگێك پارەیان بۆ جێبهێڵێ، ئەمەیش واتای ئەوە بوو کە سەفەرەکەی هەڵوەشێنێتەوە، ئاواتەخواز بووین دۆیستۆیڤسکی بۆ ماوەی مانگێك لە هەندەران پشوو بکات، بۆئەوەی دەست بەنووسینی ئەو باس درێژە بکات دەربارەی رەخنەگر ( بیلینسکی)، بەلام ئەمیلیای براژنی سووربوو لەسەر ئەوەی کە پێنج سەد رۆبڵ بۆ منداڵەکانی بەجێبهێڵێ، دەبووایە دووسەد رۆبلی بۆ باڤلی کوریش دابنایە بۆ ئەو ماوەیەی کەئێمە لێرە نابین. دۆستۆیڤسکی سەرکەوتوو نەبوو ، بۆ رازیکردنی ئەمیلیا بۆ دواخستنی ئەوبرە پارەیە. نەیدەتوانی یارمەتی خێزانی

برا خوالێخۆشبووەکەی نەدات، گەیشتە ئەو رایەی کە سەفەرەکە دوابخەن و، وامبینی بۆ ئەوەی هەڵویستەکە رزگارکەم ، قوربانی بدەم بەجیازی زەماوەندەکەم، سەرەرای ناخۆشی ئەم هەنگاوە. دایکم نارازی نەبوو لە بریارەکەم و وتی: پێم ناخۆشە مەسەلەکان بەم شێوەیە بە رێودەچێت :(( ئەگەر بێتو هەردووکتان هەر لە ئێستاوە پەیوەندیتان توندو تۆڵ نەکەن ، هەتا هەتایی ناتوانن بیپارێزن)). دەبووایە مێردەکەم رازیکەم بەوەی کەل وپەل و خشڵەکان بفرۆشم. کە بۆ مەسەلەکە پێموت، دوای ئەوەی لە کلێسەی میعراج نوێژمان کرد،بە توندی رەتیکردەوە، لێی پارامەوە کە خۆشەویستیەکەمان رزگارکات ، دوو مانگ یان سێ مانگ ژیانی بەختەوەریم بداتێ. ئەگینا هەموو شتێك تێکدەدات، فرمێسك لەچاوانم هاتە خوارەوەو واقی ورماو بەناچاری رازیی بوو. هەندێ کێشە هەبوو لەبارەی پاسەپۆرتەوە، دۆیستۆیڤسکی گیراوی سیاسی بوو، لە ژێر چاودێری پۆلیس بوو، دەبووایە رەزامەندی دادوەری سەربازی وەرگرتایە. سەرەرای ئەوەی کاروباری رەسمی ئاسایی، پۆلیسێك لەوانەی موعجیبی ئەدەبەکەی بوو یارمەتی دا.

سەفەرمانکرد بۆ هەندەران بۆ ئەوەی سێ مانگ بەسەر بەرین، بەلام نەگەرِاینەوە بۆ روسیا ، جگە دوای چوار ساڵ نەبێت. دوو رۆژمان لە فرۆکەخانەی بەرلینی بەهەورو هەلا بەسەر برد ، پاشان چووین بۆ دەرسدن، بریارماندا لەمانگێك زیاتر لێی بمێنینەوە، تا دۆیستۆیڤسکی بتوانێ باسە ئالۆزکەی بنووسێت لە رەخنەی ئەدەبی. خۆی لەبنەرِەتدا دەرسدنی خۆش دەویست بە هۆی پیشانگا بەناوبانگەکەی و باخچە رازاوەکانیەوە ، بە سەعات لە بەرامبەر کیژە پاکیزە ((سیستین )) بە کاریگەریی و هەڵچوونەوە رادەوەستا. کە بەرزترین سیمای بلیمەتی مرۆڤە. لەزۆر رۆمانەکانی دۆیستۆیڤسکی باسی کیژە پاکیزەکەی رافاییل هاتووە، وەکو بەراورد و لێکچوواندن. بە تایبەتی لە (تاوان وسزا)دا، دواجار لە فلۆرەنسا سەرسامی تابلۆکەی رافاییل بوو (یوحەنا مەعمەدان لە بیابان)دا. لە بازلیش بەدوورودرێژی لەبەرامبەر تابلۆکەی هانز هۆڵبن (مەسیح بە مردووی) راوەستا، کە هەستی بە پلیشانەوەی ناخۆشی لەلا بەجێهێشت و ، لە رۆمانی(گەمژە) دا. رێزی تایبەتی هەبوو بۆ تابلۆکانی تیتیسیان و موریلیۆ و رامبرانت و ڤان دایك بە تایبەتی. لە دەرسدن دۆیستۆیڤسکی دەستیکرد بە خوێندنەوەی ئەلگزاندەر هیرتسن ، کە یەکێك لە قووڵترین بیریارەکانی رووس بوو، کارتێکردنێکی گەورەی هەبوو لەسەر ئەدەبەکەی، لە کاتی دەسبەتاڵیدا جلەوی دەدایە هەندێ لە نەریتە خۆشەویستەکانی، هەموو رۆژێك ماسی سوورەوەکراوی دەخوارد لە چێشتخانەیەك کە دەکەوتە سەر رووباری ئەلبا. یان لە باخچەی گرۆسین گاردن پیاسەیدەکرد ، کە ماوەی حەوت کیلۆمەتر لە ئوتێلەکەوە دوور بوو بە هات وچۆ. تەنانەت لە بارانیش دەسبەرداری ئەم پیاسەیە نەدەبوو. .

بوو. .

. . . . . . . . . . . . . .

. . . . . (1):دۆیستۆیڤسکی بیریاری شۆرِشگێری رووسی میکائیل بترۆشیڤسکی دەناسێت ، هەر لە ساڵی 1847وە سەردانی بازنە شۆرِشگیریەکەی دەکرد، بازنەیەك بوو لە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی رووسیای دەکۆڵیەوە، دۆیستۆیڤسکی تێدا ئەندامێکی چالاك بوو. داوای شۆرِشی دەکرد. پرۆگرام بازنەکە هەڵوەشاندنەوەی سیستمی کۆیلیەتی ویەکسانی و برایەتی